حەسەن وحوسەین سەردار وگەورەی گەنجانی بەهەشتن

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «حەسەن وحوسەین سەردار وگەورەی گەنجانی بەهەشتن».

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵدەدات حەسەن وحوسەینی کچەزای سەرورمان وکوڕی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب وفاتیمەی کچی پێغەمبەرن -صلى الله عليه وسلم-؛ لە فەزڵدا گەورەی هەموو ئەو گەنجانەن کە بە گەنجی مردوون وچوونەتە بەهەشتەوە، یان ئەوان گەورەی گەنجانی بەهەشتن جگە لە پێغەمبەران وچوار خەلیفەکە نەبێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11169